## نەخوێندەواری، تێکڕای ساڵەکانی خوێندن

لەم ڕووپێوەدا تەنها لە کەسانی سەرووی 12 ساڵانەوە پرسیار لە بارەی دۆخی خوێندنیان لێکراوە. کەمترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە ڕەگەزی نێر دەگەڕێتەوە بۆ کەسانی تەمەن 12-19 ساڵان (5.5٪) و دواتر گروپی تەمەنی 20-29 ساڵان (11.1٪). لە ڕەگەزی مێینەش کەمترین ڕێژەی نەخوێندەواری لە هەمان گروپەکانی تەمەنی ڕەگەزی نێرینەن بەڵام ڕێژەکەیان جیاوازە و لە گروپی تەمەنی یەکەم 8.4٪ و لە هی دووەمیش 25.9٪ە. بەراوردی ئەم دوو ڕەگەزە لەم دوو گروپی تەمەنە بۆمان دەردەخات کە هێشتا نەناردنی کچان بۆ قوتابخانە لە هەرێمی کوردستان دیار و بەرچاوە و ڕێژەیەکی زۆری کچانی گەنج نەخوێندەوارن. بێگومان بوونی ئەو جیاوازییە زۆرەی لە هەردوو گروپی تەمەنی سەرەوە لە ڕەگەزی مێینە بەدی دەکرێت ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئاستی نەخوێندەوای لە کچاندا بەرەوە نزم بوونەوە دەچێت و ئەمەش کاریگەرییەکانی پلانەکانی وەزارەتە پەیوەندیدارەکان پیشان دەدات بۆ نەهێشتنی دیاردەی نەخوێندەواری و هەروەها ڕەنگە ئاماژەیەکیش بێت بۆ بەرز بوونی ئاستی هۆشیاری و تێگەیشتنی خەڵك بۆ بێ بەش نەکردن و دوورنەخستنەوەی کچان لە خوێندن و دەرفەت پێدانیان بۆ تەواو کردنی بەلای کەم قۆناغی سەرەتایی.

ئەوەی جێگای سەرنجە و لە چارتەکەی خوارەوەش بە ڕوونی دیارە، ڕێژەی ئەو کەسانەیە کە قۆناغی سەرەتاییان تەواو کردووە لە گروپی تەمەنی 20-29 ساڵیدا. ئەم ڕێژەیە لە هەر دوو گروپی تەمەنی پاش خۆی و پێش خۆی کەمترە. ئەگەر ئاورێك لە ڕابردوو بدەینەوە و سەیرێکی تەمەنیان و سەردەمی قۆناغی منداڵیان بکەین زۆر بە ڕوونی کاریگەرییەکانی سەردەمی دوای ڕاپەڕین و ئابڵوقەی ئابووری خۆیان دەردەخەن و باس لە کاریگەرییەکانی ئەو سەردەمە لەسەر بواری پەروەردە و خوێندن دەکەن.

دابەشبوونی دانیشتوانی خاوەن بڕوانامەی سەرەتایی بە پێی گروپی تەمەن (٪)




کۆی گشتیی نەخوێندەواری بۆ کەسانی 12 ساڵان و سەرووتر، لە هەرێمی کوردستان 26.3٪ ە و لە شوێنەکانی تری عێراق 19.6٪ ە. ڕیزبەندی پارێزگاکانی هەرێمیش بەم شێوەیەیە: دهۆك 30.7٪، هەولێر 26.7٪ و سلێمانی 23.4٪. بە گشتی ڕێژەی نەخوێندەواری لە شار کەمترە لە گوند و لە هەرێمی کوردستان نەخوێندەواری لە شار 23.8٪ و لە گوندیش 38.4٪ ە.

Kurdistan Region Statistics Office
KRSO

تێکڕای ساڵەکانی خوێندن بۆ پارێزگای هەولێر 8.0، سلێمانی 7.8 و دهۆك 7.7 ساڵە و کۆی گشتیی هەرێمیش 7.8 ساڵ و کۆی گشتیی شوێنەکانی تری عێراق 8.0 ساڵە.

## بەردەوام بوون لە خوێندن و دۆخی خوێندن بە پێی بڕوانامە

تێکڕای ئاستی بەردەوام بوون لە خوێندن بۆ کەسانی تەمەن 12-29 ساڵان، لە هەرێمی کوردستان 52.2٪ و لە شوێنەکانی تری عێراق 36.8٪ ە و ریز بەندی پارێزگاکانی هەرێمیش لەم رووەوە بەم شێوەیەیە: سلێمانی 54.8٪، دهۆك 51.2٪ و هەولێر 50.1٪. ئەم چارتەی خوارەوە بابەتەکە زیاتر روون دەکاتەوە.

دابەشبوونی دانیشتوانی تەمەن 12-29 ساڵان لەرووی بەردەوام بوونیان لە خوێندن (٪)




لە نێو کەسانی تەمەن 12-29 ساڵان، رێژەی ئەو کەسانەی کە بڕوانامەی سەرووی ئامادەییان هەیە لە هەولێر 6.8%، سلێمانی 5.3% و دهۆك 6.8%. ئەم رێژەیە لەسەر ئاستی هەرێم 6.2٪ ە و لەسەر ئاستی شوێنەکانی تری عێراقیش 5.1٪ ە. بڕوانامەی سەرەتایی لە هەرسێ پارێزگای هەرێم و هەروەها لەسەر ئاستی گشتیی هەرێمیش بەرزترین رێژەی هەیە. یەکێکی تر لەو ژمارانەی کە جێگای هەڵوەستە لەسەر کردنە رێژەی ئەو کەسانەیە کە هیچ بڕوانامەیەکیان نییە و ئاستێکی بەرزیان هەیە. رێژەی ئەم کەسانە لە هەولێر 29.4٪، سلێمانی 27.0٪ و لە دهۆکیش 34.1٪ ە. لەسەر ئاستی هەرێم ئەم رێژەیە 29.7٪ و لە شوێنەکانی تری عێراقیش 36.7٪ ە. خشتەی خوارەوە بەرچاو روونییەکی زیاتر لەسەر ئەم ژمارانە دەخاتە بەردەممان.

دابەش بوونی کەسانی تەمەن 12-29 ساڵان بە پێی بڕوانامە (٪)

| | نەخوێندەوار | خوێندن و نووسین | سەرەتایی | ناوەندی | ئامادەیی | پەیمانگە | بەکالۆریوس و سەرووتر |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| هەولێر | 14.2 | 15.2 | 29.7 | 23.9 | 10.1 | 2.8 | 4.2 |
| سلێمانی | 7.7 | 19.3 | 33.8 | 23.4 | 10.4 | 3.1 | 2.2 |
| دهۆك | 17.8 | 16.3 | 31.7 | 18.3 | 9.2 | 3.6 | 3.2 |
| کۆی هەرێم | 12.6 | 17.1 | 31.9 | 22.2 | 9.9 | 3.1 | 3.1 |